**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی ( **یەکەی تێکچوونی پێی منداڵانی زکماک**) لە سەنتەری دهۆک تایبەت بەدەستنیشانکردنی پێشوەختەی پەککەوتنی منداڵان ، سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/١/٥.

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی ( **یەکەی مۆلیکیولەری بایۆلۆجی**) لە نەخۆشخانەی نەشتەرگەری فێرکاری ، سەر بەبەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/١/١٥.

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٤٦) بڕگەی (٢) لە یاسای بەرەنگار بوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارە عەقلیەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ ، بڕیارماندابە:

**یەکەم :** دانانی ماددەی (Methamphetamine) ( **کریستال**) لە خشتەی ژمارە (١) و لابردنی لە خشتەی ژمارە (٦)ی یاسای بەرەنگار بوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکارەی عەقلیەکان .

**دووەم :** هاوپێچکردنی دەرمانی (Carbamazepine,Trihexyphenidyl,Gabapentin,Pregabalin) بۆ خشتەی ژمارە (٨)ی یاسای بەرەنگار بوونەوەی ماددەی هۆشبەر و کارتێکاری عەقلیەکان .

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/١/١٩.

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی ( **بنکەی تەندروستی زانکۆی ئەمریکی کوردستان**) لە قەزای سێمێل ، سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆک .

ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/١/٢٣.

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی ( **بنکەی تەندروستی دیاری قەزاز**) لە ناو پرۆژەی دیلان ستی / قرگە ، سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .

ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/١/٣٠.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**